www.kurdistannet.org
19-11-2005 13:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کچێک هەیە لەجێی باران تیشک لەچاوی ئەبارێ... ئومێد محەمەد

لەما لێکی کەنار دەر یا دوو هێلانە بەسەر چڵی خۆزگەیەکدا هەڵدەوا سێ لەنێوانی هەردووکماندا دوو حەز هەیە ئەو دەیەوێت بەنیگا یەک سەراپام بکاتە گوومان من دەمەوێت سەراپای پڕکەم لەواتا کەشەو دێ دییەکانی سوور دەبن وەک بوورکان بیلبیلەی پڕ دەبێ لەدووکەڵ ئەگریجەی پڕاو پڕ لەڕەنگی ئەر خەوان هەر ساتەی دەزوو لە خوێنێکم دەفڕێنێ دەماری چەند بەیتێک دەست دەکەن بەپژان لەدووری چەندەها هەنگاوی دوورەڕێی تەماسمان چاوانی دەگلۆفێ هەنگاوم بۆلای ئەو ڕێ دەکا بەرەو خوار دەمەوێ لەمسی کەم لەماچا نوقمی کەم جەستەی ئەو پڕ دەبێ لەفڕین ڕووخساری دەبێتەپانتایی نێوانمان بەدەستی گومانی ڕەنگەکان تێک دەدات هەنگاوم پاشەو پاش ڕێ دەکا دەی بینم لەدوای من هەراسان ئەو دەبێ بەهەڵم و هەڵدەکشێ بۆ ئاسمان.

omed954@hotmail.com